# شەڕ . . ئەمجارەش شەڕ . . .

ڤینوس فایەق لە هۆڵەنداوە

فیبریوەری ساڵی ٢٠٠٣

*********

لە کۆڵانە تەسک و تاریکەکانی غەریبیمەوە

لە وەرزەکانی رووخان و هەڵوەرینەوە

بە هەردوو دەستی. . ئەمجارەش شەڕ. .

ڕامئەوەشێنێت

ڕامئەچڵەکێنێت

ئەمگرێنێت

حاڵم لێدێنێت

* * * *

شەڕ . جارێکی تر. . شەڕ

وا ئەمجارش سەرم لێ ئەدا و قسەم بۆ ئەکات

باسی بەزینی شاخ و

تەسلیم بوونی کۆڵانەکان بە خوێن

باسی دەست و پەنجەی مردنم بۆ ئەکات

باسی مێژووی ڕێکەوتنە درۆزنەکان و

شەڕە ڕاستگۆکانم بۆ ئەکات

وا ئەمجارەش شەڕ ئەبێتە ملوانکەیەک و لە ملم ئەئاڵێ

ئەبێتە ئەڵقە و لە پەنجەم ئەئاڵێ

ئەبێ بە قەدەر و واز ناهێنێ

* * * *

لە وەرزەکانی هیچ و نەبوون

وەرزەکانی توانەوە و سووتان

نەمان و ون بوون

درۆیەک ئەکەین و

وەکوو شیعر ئەیهۆنینەوە

وەکوو گۆرانی ئەیڵێینەوە و

عاشقی ئەبین و باوەڕی پێ ئەکەین. . .

ئەمجارە شەڕ تاکە درۆیەکە

زۆر بە ڕاستگۆیی لەباری ئەم کۆڵانەشم ئەبات

لە باری ژوورەکەمم ئەبات

سەرتاپای میللەتێک لە باری بەهارێکی بێ گوناه ئەبات

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

پێم ئەڵێت : تاکە حەقیقەت لە دونیادا مردنە

شەڕیش مردنە درۆزنەکانیش دەکات بە حەقیقەت

*****

ئاه. . . ئەمجارەیان

زۆر بە ڕاستگۆیی درۆ ئەکەین و

ئەیکەینە کەپر و

لە سایەیا ئەحەسێینەوە

شەڕیش ئەبێتەماڵێکی درۆزن

ئەبێتە بەرماڵ و

نوێژی لەسەر ئەکەین بۆ خودایەکی گاڵتینە

درۆ گورەکان هەڵئەچنین و

ئەیانکەینە قیبلە و سوجدەیان بۆ ئەبەین

* * * * *

ئاه شەڕ. ئەمجارەشیان. . . شەڕ

ئەوا دێمەوە

دێمەلات و هەر بەکراسی بەرمەوە

قژی ئاڵۆسکاو و دانەهاتوومەوە

دێمەوە. . .

پێکەوە لە یەک پێک بخۆینەوە

بە یەک گوللە بمرین

بە یەکجار هەردووکمان

لە یەک قەبرا بنووین

ئێ دەبێ من لە بەر چاوی کاڵی کێ بێ

وا ئەمجارەش شەڕ یەخەم پێ بگرێ

لە بۆ چاوی کاڵی کێ بێ

دڵم وا وەکوو سێوێکی ئاڵ

لە بەر تریفەی مانگەشەوێکا

پاک پاکی کەم و بیخەمە ژێر پێی شەڕەوە

* * * * *

شەڕ. . . . ئاخر ئەمجارەش. . . شەڕ

چیرۆکێک لەمردن ئەنووسێتەو

سەرگوزشتەی کوڵانێک

ئاه کوڵانێک. . هەر عاشقی تیا ئەمرێت

ئێ من ئەبوو چەند جاری تریش بمرم

چەند جاری تریش دەبوو خۆرم بکوژێتەو و
ئاسمانم تاریک بکات و خودام لیٚ زویر بێت
چەند جاری تر دەبوو
بە درۆوە چیرۆ کی ئاشتی بنووسمەوە و
لە ئاگردانی شەڕە ڕاستەقینەکانا بیسووتێنم
ئەوەتا. . .
بە هەردوو دەستی. . ئەمجارەش شەڕ. .
واز ناهێنێت
ڕامئەوەشێنێت
ڕامئەچڵەکێنێت
ئەمگرێنێت
حاڵم لێدێنێت. . .

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت